زانکۆی بۆ فەلسەفە هزرەژار.. ئازاد حەمە

دەستپێک: غەدرکردن لە فەلسەفە

بەرتەسککردنەوەی بازنەی بیرکردنەوەی فەلسەفیی لە زانکۆ غەدرێکە لە فەلسەفە دەکرێت، کە دەشێێن زانکۆ، مەبەستمان مامۆستا و خوێندکاری زانکۆیە، کە هەردوو پێکەوە لە ئێستادا ئەو غەدرە لە فەلسەفە دەکەن. ناشکەمەندیشە بە زانکۆ، یان نەوەندی ئەکادەمیی، غەدر لە فەلسەفە بکات. بە گشتی غەدر هەڵەیە و بەشکیشە لە خراپە و قسەکردنیش لەبارەیەوە دەچێتە خانەی فەلسەفەی ڕەوشتەوە. واتە لە کۆتاییدا ئەوەی غەدرمان بە شرۆڤەدکات هەر خودی فەلسەفەیە. ئەی باشە فەلسەفە دەبێت چۆن قسە لەو غەدرە بکات لە خۆی دەکرێت؟
فەلسەفە بەخۆی دژە غەدرە، کەچی دەبینین بە ئاشکرا لە زانکۆکانی هەرەمدا غەدریلێدەکرێت. باشە بە ئەم غەدرە لە فەلسەفە دەکرێت؟ ئەم پرسیارە تا ئەندازەیەکی زۆر گرنگترین پرسیاری ئەم نوسینە کورتەیە و هەوڵنی نوسینەکەشە. بەسەی غەدر ناهەمواری دەنێت و شکەمەندیش تێکدەدات. بەکورتی لەبەر ئەو غەدرەی لە زانکۆکانی هەرەم لە فەلسەفە دەکرێت، فەلسەفە جێپەی لەژە. هەر ئەوەشە، کە ناحەزانی فەلسەفە دەیخوازن. ئەو دەمەش غەدر لە فەلسەفە دەکرێت پرسیاری فەلسەفیی، کە کرۆکی فەلسەفە پێکدەنێت، سڕیلێدەشوێت.
ئەوە فەلسەفەیە مانا بە واتای پرسیار دەدات، وا لە پرسیار دەکات لە بەرتەسکیی دەربازیبێت. فەلسەفە ئەمە دەکات، چونکە شوێنی بەرهەمهێنانی هەزرە. بەیە وشەدانەی ئەم نوسینە بەجەرەک ئاقاروەردەگرێت، کە زانکۆی بە فەلسەفە زانکۆیەکی هزرەژار. لەرە بگشتی قسە لە زانکۆ دەکرێت و جارجارەش قسەکردنەکە بە دەزی زانکۆ لە نەوەندی ئەکادەمی کوردی تایبەتدەکرێت. لەبەرئەوە سەرنجدەخینە سەر زانکۆ و فەلسەفە، چونکە فەلسەفە لە زانکۆدا وادەکات خوێندکاران ئامرازگەلی جیاواز بە گەیشتن بە دید و تێوانینەکانیان بکاربەرن و ڕەبەبینن لە بەرینکردن و بچەنایەتیکردنی بیرکردنەوەکانیان و خەشیان لەسەر ڕاڤەکردن و ئامانجی تەکمە و فرەهەند ڕابەنن.
هەر لەرەدا دەپرسین: ئەمە پرۆژەی فەلسەفییمان هەیە؟ ئەنگۆ زانکۆ دروستکەری پرۆژە فەلسەفییەکان بێت و بشکارێت دەستبژێری ڕووناکبیریی لە کەمەگەدا دروستکات،لە زانکۆ ناتوانێت بمانکاتە

فەیلەسوف. بۆیە لێرەدا دەکرێت پرسیارێک ڕووبەڕووی خوێنەری ئەم نوسینە بکەینەوە: چۆن دەبینە فەیلەسوف؟ بۆیە وادەڵێم،چونکە باوەڕم بەوە نیە زانکۆ ئەو کارە ناکات. زانکۆ کارگەی بەرهەمهێنانی فەیلەسوف نیە. بوونە فەیلەسوف پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دژواریی هزریی و تەواماندیە و دژ و هەلومەرجی خۆی هەیە. لەبەرئەوە ئەم نوسینە باوەڕی بەوەیە، کە کۆشەی فەلسەفیی زانکۆکانمان تەنها کۆشەی خودی زانکۆکان نیە، تەنها بە خوێندنی باڵاوە گرێدراو نیە. کۆشەی فەلسەفە کۆشەی هەموانە، بە تاک و کۆمەڵگەوە. ئەم کۆشەیش تەنها پەیوەندی بە کردنەوەی بەشی فەلسەفە و داخستنی ئەم بەشەوە نیە لە زانکۆکان. کۆشکە پەیوەندی بەچەنیەتی مامەڵەیە لەگەڵ فەلسەفە وەک بوارێک لە بیرکردنەوە و تەواماندا، بە چەنیەتی دیالۆگکردن لەگەڵ کولتووری دەرەکیی و کرانەوە لەبەردەم شارستانیەکانیتردا.

خواستی فەلسەفە خواستێکی کەسیی نیە، خواستە بە پەردان بە دەرکەوتن و باڵاخستنی بیرکردنەوە و تەواماندنی فەلسەفیی لە نەوەندی ئەکادەمیدا. ئەم وادەکات فەلسەفە بکارێت هزر و هۆشیاری تازە لە نەوەندی ئەکادەمی و کۆمەڵگەدا باڵاوبکاتەوە. ئەم بەشە هزریە،کە ڕووبەڕووی شارستانی و عەقڵی گشت نەتەوە و کۆمەڵگەیەك نیشاندەدات، کە دەتە ناو زانکۆوە وادەکات مامۆستا و خوێندکار خەیان لە قەڕەی بابەتگەلی فرەئاستە و نەخەمڵیو و سیروسەمەرە بدەن و دەرفەتی تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤ و ڕوانینی ئەم مرۆڤە بگەڕن. ئەمەش بە ئەم چرکەساتەی کۆمەڵگەی ئەمە پێویستە. کەواتە بە ئەوەی کۆتای بە غەدرکردن لە فەلسەفە لە زانکۆ بهێنرێت، دەبێت زانکۆ ببێتە شوێنێک بە دروستکردنی ڕوناکبیریی فەلسەفیی. ئەم ڕوناکبیرییە فەلسەفییەش ناکرێت تەنیا خۆی لەناو زانستە مرۆییە کۆمەڵایەتییەکاندا قەتیسبکات و دژی زانکۆش واپێویستدەکات فەلسەفە پەلبهاوێژە بکرێ و بەشەکانی کەڵەڕۆ زانستە سرووشتیەکان(پزیشکی، فیزیك، بایەلۆژی، ماتماتیك، کەسمەلۆژی، فەلەکناسی، فەلسەفەی کوانتەم، ئابووری، جوگرافیا، جیەلۆجی، کیمیا و …) و لەوشەوە بکرێ و فەلسەفەی جێندەر، فەمینیزم، ژینگە و یاسا و جوانیناسی و….

لەو سەنگەیشەوە ئەوە دەبینین، هەرکە فەلسەفە هاتەناو زانکۆوە دەکارێت ببێتە پلاتفۆرمێك بۆ گەشەپێدانی ئەکادەمی (سەنتەری پەرەپێدانی هزری ئەکادەمی) لە زانکۆ. لەوێگای ئەو نەوەندشەوە دەکرێت گەشبدرێت بە چەند لایەنێک: دروستکردنی داتاباسێك(کتێبخانەیەکی ئەلەکترۆنی) تایبەت بە هزری جیهانی، هاوچەرخکردنی ئاستەکانی وانەوتنەوە، بنەمادانان بە بۆهاکادەمیەکان، وتنەوەی بابەتی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، بیرکردنەوەی لۆژیکیی، بیرکردنەوەی گوماناویی و بیرکردنەوەی داهێنانیی،

دروستکردنی نەوەندێکی هزریی بۆ ڕاڤەکردن و دیالۆگی ململانێکان، میواندارێکردنی بیرمەند و روناکبیرێ نوودوێتیکان و سازکردنی کۆنفرانس و مۆزگردی هزریی گلوبال. هەموو ئەوانەش پەیوستی بە مامۆستا و خوێندکاری زمانزان و هزرکراوە و ئاشنا بە تازەگەریکان. لەرەوە غەدر لە فەلسەفە لە زانکە ووە لە ئاوابوون دانێت.

هەتیبوونی زانکە

فەلسەفە دایکی زانینکانە لە زانکە، کەواتە زانکەی بێ فەلسەفە هەتیوە(بێ دایکە) و پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانکەش وەک پەیوەندی نێوان دایک و خۆزان وایە. چەوسانەوەی دایک بە مانای چەوسانەوەی گشت خۆزانکە دێت و هەتیبوونی زانکەش تەنها بەهەی بە شۆنکردنی فەلسەفە و سینەوەی لە ئەندێشەی زانینی ئەکادەمیدا دێت. فەلسەفە لە زانکە، فەربوون بە گشت پسپۆرییکان دەدات و واش لە زانین دەکات بیربکاتەوە. بەم جۆرە، فەلسەفە،کە دەکەوێتە ناو زانکەوە لەژیک و ڕەوشت شانبەسانی بوونناسی و بیرکاری لەکدەئاڵێن و یەکترتاودەدەن.
لە نەوەندی ئەکادەمیدا، کە فەلسەفە ووندبێت خۆزانی ئەکادەمی دادەمێت. نەمانی فەلسەفە لە زانکە نەمانی دایکە. کاتێک زانکە فەلسەفە دەخاتە دەرەوەی خۆی، بەوە زانکە هەتیو دەبێت. هەتیبوونی زانکە گەورەبوونێتی بە بێ دایک(سەرپەرشتیار)، ئەو دایکەی شتێ فێردەکات. هەروەک مردنی دایک، کە بۆ کەسی تر جێگایپەنا بێتەوە، فەلسەفە لە زانکە، کە نەما زانینی تر جێگای ناگرێتەوە، چونکە توانای فەلسەفەیان نییە و تامی فەلسەفەش نادەن. ناوی فەلسەفەش لە زمانەکاندا(بەنموونە لە فەرەنسی، ڕووسی،عەرەبی...و) مانێ، ئەمە نیشانەیە لەسەر هەزی بەرهەمهێنان لە فەلسەفەدا و هەستی دایکبوونەکەشی. لەبەرئەوە فەلسەفە وادەکات لەو زانینە بکەینەوە زانکە دەماندات.

فەلسەفە گەڕەکە، بۆ زەدە

فەلسەفە پێگیرییە (بەدواچوونە) بۆ شتێک، کە هەشتا نییە، نیمانە، نەهاتووەتەدی. شتێک جارە لەرە نییە، لەوێیە. لەرە نییە و دەچین بۆ ئەوە تا بیدەزینەوە. فەلسەفە تەقەلایەکە بۆ دەزینەوە، ئەمەش بۆ واتایەدێت، کە فەلسەفە گەڕانە بەدوای شتێکی بزر و وون دا.
چۆن فەلسەفە بۆ وونبوونە دەگات؟ ئەبەتە بە گەڕان و پشکنین، کە دواتر بە دەزینەوە کۆتایدێت. هەروەها بە پرسیار و لێپچینەوە لە

گشت شتەکان. لەبەرئەوە کاتێک فەلسەفە دەپرسێت تەنیایی چییە ئەمە بە ئەوە دەکات تا لە سەراغی وەڵامەکدا بێت بە چەمکی تەنیایی. کەوتنە سەراغی شتێک هەوەدانە بە پەیداکردنی ئەو شتە، دەزینەوە و بەدواگەڕان بە ئەو شتە. فەلسەفە کاتێک دەپرسێت بە دەبێت ڕەوشت هەبێت دەخوازێت بەدوای وەڵامەکدا وەبێت بە ئەم پرسیارە. ئامرازی سەرەکی لەم گەڕان و سەراغپرسینەش بیرکردنەوەیە. ئەم شەوازەش لە بیرکردنەوە بە زانکۆ گرنگ و پەویستی مامۆستا و خوێندکارە لەیەککاتدا.
وەڵای ئەوە، لەناو فەلسەفەدا وەبەوونێک بوونی هەیە. ڕاستە وەبەوون سەرگەردانییە، لە گەڕانێشە بەدوای ئەوەی ووندە. دیارە دوای پرسەی گشت گەڕانێکیش کردەی دەزینەوە لەدایکدەبێت. واتە ئەوە دەدەزینەوە، لەمان بزربووە، کە وەبەبووین بەدوایدا. کاتێک وەدەبین بەدوای شتێکدا، ئەمە بەو مانایەش دێت، بەدوای وەڵام، کە چارەسەرە، دەگەیین. وەڵام، چارەسەر، ئەو شتەیە لەمان وونبووە و بەدەزینەوەشی ئیدی فەلسەفە ئارامدەبێت و ئەوە دەکاتە زەدی کاتی خۆی.
ئەبەتە لەناو ئەم پرسەی گەڕان و سەراغکردنەدا گرفتارییەکیش بوونی هەیە. خودی فەلسەفەش لە پەیوەندیدایە لەتەک چەمکی گرفتاریی. چونکە فەلسەفەکردن کردەیەکە لە گرفتاریی. پرسیاری فەلسەفەیی جۆرە گرفتارییەکی تێدایە، کە دواتر دەبێت بە ئارامی و دڵربازبوون لەو گرفتاریی و شکۆتییە. فەیلەسوف شکۆت و ماندووەبێت تادەگات بە وەڵامەکی پەسەند، کە شایانی ئەو پرسیارەبێت سەبارەت بە ڕەچەڵەک و مانای چەمکەک کردووەتی.
ئەم مانای ئەوەیە فەلسەفە ئاوارەیە، بە جۆگایە، دەگۆڕێت و دەخولێتەوە تا ئەوە بەدەستبهێنێت، کە نیمانە. کەوابێت دەکرێت بپرسین: فەلسەفە زەدی هەیە؟ فەلسەفە بە هەبوون و بەردەوامی خۆی پەویستی بە زەدە؟ زەدی فەلسەفە زانکەیە؟ نەخێر زانکە زەدی فەلسەفە نییە. لەبەرئەوەی فەلسەفە بە زەدە گشت شوێنێک بە زەد، بە نیشتیمانی خۆی دەزانێت. لە هەموو جۆگایەک بوەرانە فەلسەفە دەپرسێت: درە چییە؟ میهرەبانی بە هەیە؟ …و. بیرکردنەوە، کە ناسنامەی فەلسەفەیە، لە گشت شوێنکدا بوونی هەیە. ئەمە وادەکات بیرکردنەوەکان زەد بە فەلسەفە داتاشن. زەدی سەرەتای فەلسەفە یەنان بوو، دواتر بوو بە شوێنی تر. ئێستاش زەدی فەلسەفە وا لەو جۆگایەی بیرکردنەوە تیایدا لە ترپکدایە.

فەلسەفە گرنگە پەتائاسا لە زانکۆکاندا بەاوببێتەوە

فەلسەفە بابکرێت بە پەتا و لە حەرەمی زانکۆکانماندا

باوبکرێتەوە. هەرکە ئەو کرا ئەو کات فەلسەفە ببێتە ئاستەقینەی خۆی وەردەگرێت. ئەمش لە بەرئەوەی، فەلسەفە داکیرساندنی مشخێڵی زانینە و هیوای هاتنی ڕووناکی بیرکردنەوەیە. لەهەر جێگایەکدا فەلسەفە سەوزبێت لەوە کەشکی باوەڕبەخۆبوون و دادوەری لەژیکی بنیاتدەنرێت و گریمانەناسی و بڕگەماندی وگەردەخرێت.
ئەم پێتایە ئەو پێتایە نییە،کە پێش مەرگ دێت. ئەم پێتایە مانا بە ژیانمان دەدات و وزەی بیرکردنەوەمان بەهێز و دووربین دەکات. فەلسەفە، کە خۆشەویستییە بە دانایی، بە باوبوونەوەی ژیانمان لەوانلەودەکات لە بەرکەتی دانایی. بەیە پێمانوایە فەلسەفەکردن هەنگاوێکە بە خێتەندروستکردن. بەمجۆرە پێتای فەلسەفە پێتای دانایین.
تەندروستبوون لەبڕگای فەلسەفەوە شیاوە؟ بەڵێ. چونکە فەلسەفە ئارامیهێنەرە. ئەو ئارامییە دوای ئەوە دروستدەبێت، کە تێگەیشتن دێت. فەلسەفە تێگەیشتنمان دەداتێ سەبارەت بە ژیانی ئێمە و بوون. فەلسەفە بە پرسیارکردن و زەر بەدواچوونەکانی هاوکارماندەبێت لەوە حاڵیبین لەیحاڵینەبووینە.واتە فەلسەفە بەتیشکخستنەسەر ناڕوونی و بەدحاڵیبوونەکانە. زانکەش، ئەو شوێنەیە،کە کەی زانینەکانی تیایە و فەلسەفش لەوێندەرە هەڵدەستێت بە ئەرکی خۆی. ئاستە فەلسەفە لە زانکە، هەر زانکەیەک بێت، ڕووبەڕووی چەندین ڕێگریی و ئاستەنگی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە، بەڵام فەلسەفە، بە ئامادەبوونی لەناو کایەی ئەکادەمیدا ئاڕاستەکین دروستدەکات، زانین دەخاتژێرپرسیارەوە، گومان لە فەرموونی تەکنە و ڕێها دەکات و تێگەیشتنی تر و جیا دەنێتەکایەوە.
ئەو ژینگە تەندروستەی فەلسەفە لە زانکە دروستیدەکات، تەنها ئەو ئەتوانێت ئەوە بکات و لەو ڕووشەوە فەلسەفە ئەزموونی زەرە. ئەزموونی فەلسەفە لە بەتەندروستکردن بە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە. زەرەک چەمک هەن (دەروون، گیان، ئاوەز، جەستە، ئاگایی و.....) ئەمەی مرۆڤ سەرەتا لەیحاڵینەدەبووین، کەچی ئێستا بەهەی مشتومڕە فەلسەفییەکانەوە زانینەکی زەرترمان لەسەر لەحاڵینەبوونەکانمان پەیداکردووە. بەیە کاتێک فەلسەفە پێتاساسا لە زانکەدا بەاودەبێتەوە، بەجیاوازی، لەناو زانستە مرۆییەکەمایەتی و زانستە سروشتییەکان دا ئاڕاستەکینی ئێپستیمی(مەعریفی) چاوەڕوانەکراو دروستەکات.
گەر لەگەڵین فەلسەفە لەناو کایەی ئەکادەمیدا پێجوڕە بێت، دەزانێت چۆن ئیشی خۆی دەکات، چۆن تیشکدەخاتسەر ئەو زانین و تێگەیشتنانەی پەراوێزخراون و بە سیما و ووتن. فەلسەفە لەناو زانستەکاندا دیالۆگدروستکەرە، کەشەی دووانییە چەمکییەکان

چارەسەردەکات و شرۆڤەی ئاماژە کولتوورییەکانیش بەرباسدەخات. بەکورتی فەلسەفە، گەر بواریبدەن، لەناگەت زانکە هۆزارهزربات، جێگایەک بیت بۆ وەلاوەنانی پرسیار و قەزاوەنکردنی گومان. چونکە فەلسەفە گفتوگۆی دەوەمەند سەبارەت بە چەمکە سیاسی و مۆژوویی و زمانەوانییەکان شانبەشانی چەمکە بیرکاریی و بایەلۆجی و پزیشکییەکان دەنێتەکایەوە.

ئەرکی فەلسەفە لابردنی بەربەستەکانە

ئەرکی فەلسەفە لابردنی بەربەستەکانە (ئالان بادیو). بەربەستەکان تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە. زەرجاریش بەربەستەکان بەسەروبەرانە دەنەپشەوە. بەربەستەکان لایەک کاتدا ئامادە و نائامادەشن. هەندەک لە بەربەستەکان لە گشت شوێنەکدا هەن. بەپچەوانەوە هەندەکی تر تایبەت و جیان و ژینگەی خۆیانیان هەیە. لە فەلسەفەدا لەبەرئەوەی هیوابەاوی بوونی نییە، بۆیە فەلسەفە لەزانە لە لابردنی بەربەستەکان.
بەربەستەکان دەدەنگ و نیگارانییەکانن، کە لەرە و لەوە ەەژانە ەەکەوتی دەکەین. وەکیتر، بەربەستەکان کەسپن، تەگەرەن و خۆیان وەک کەشە نمایشدەکەن. لەبەرئەوەی فەلسەفە خۆی بە دایکی دیالەگ دەزانێت، لەهاتووە لە ەووبەوونەوەی کەشە و تەنگەتاویی. دەستەواژەی بەربەست بە فەلسەفە ەاگوزەر و هەەمەکی نییە. چونکە بەربەست لەمپەر و ئاستەنگهێنەرە. ئەو تەگەرە و ەەگەرانییە دەماتوستێنیت. دوای هاتنی تەگەرە و بەربەست جوەە نامێنیت. فەلسەفەش، کە دایکی گفتوگۆ و مشومەە و ئەمەش بەهەەکەوت نییە و بەری مۆژوویەکە لە گفتوگۆ و پرسیارمەندیی، لەناو قورسترین کەسپ و بەربەستەوە سەریدەرهێناوە. ئەو مۆژووەش پەماندەەت مەرامی فەلسەفیی مەرامەکی مرۆییە و مۆژووکەش لەتەک ئەو باسوخواسانەدا دەستەملان بووە، کە لەپەناوی مرۆڤدا هاتوون.
لەو شوێنەی کەسپ و تەگەرە هەیە، کاری فەلسەفە لابردنی کەسپ و تەگەرەکانە. فەلسەفە ئەمە نەکات بە هەیە! زانکە، کە پەە لە کەسپ و تەگەرە، بەهاتنەناوەوەی فەلسەفە کەسپ و تەگەرەکان ەەوتەتر وەردەگرن و لەگەە کاتیشدا بە گفتوگۆی شیکاریی بەرەو نەماندەچن. هاوکات فەلسەفە کەەکەی بیرکردنەوەی لەژیکی و داهێنانییە، ئەمە وادەکات فەلسەفە بپرسێت: چۆن زانبین بەسەر کەسپ و تەگەرەکاندا؟ بە زانبوون بەسەر کەسپ و تەگەرەکان لەناو کایەی ئەکادەمیدا پەویستمان بە فەلسەفەیە. فەلسەفە لەوە بیرکردنەوە دروستدەکات و پرسیار دەسازێنێت. بە ئەو مەبەستەش مامەستا و خوێندکار ئەرکیان

بیرکردنەوەیە لە بیرلێنەکراو. ئەمش هەردوولا بۆ بیرکردنەوە لە لابردنی کەسپ و تەگەرەکان دەبات. کەسپخستنەبەردەم فەربوون و ئاستەنگدانان لەبەردەم ئەو پرسە ونا‌کبیریی‌ی زانکە دیدات تەنها بەهەی زاڵبوونی تەگەیشتنی فەلسەفییەوە لەناو مامۆستا و خوێندکاران چارسەردەکرێت و ژینگەی ونا‌کبیریی زانکەش گۆڕانی راستەقینەی دەتەسەر.

لەم گۆشەنیگایەوە ئەوەش دەبینین، ئەوەی، کە هەمیشە جێگای پرسیارە بۆ ئەمە ئەوەیە، کە دەستبژێری ئەکادەمی ئەمە بۆ کتێبی فەلسەفیی ناخوێنێتەوە؟ تەنانەت گەر بیشیخوێنێتەوە بۆچان نایخوێنێتەوە. وەکو تریش ئەم دەستبژێرە ئەوە دەخوێنێتەوە کاری پێیەتی. هاوکات کتێبخوێندنەوە، بۆتایبەت خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفیی، کە مەرامێکی هەمیشەیی لەخۆدەگرێت لەناو خوێندکارانی زانکەکانی ئەمدا جارێ ئاسایینەبووتەوە. بەیش سەرنجدەخینە سەر خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفیی چونکە خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفیی شتێکی تر دەدات بە مامۆستا و خوێندکاری زانکە، کە کتێبەکانی تر نایداتێ. ئەو شتە، کە هەتوانی دەربازبوونە لە کۆشە گیردەخوەقێنەکان شتگەلێکی گەردوونناوین و تەنیا لە دووتوێی کتێبە فەلسەفییەکانیشدا بەرچاودەکەون. ئەمو کتێبە فەلسەفییەکان لەوێژن لە گفتوگۆی گرنگ و پەردە لادەریشن لەسەر پەردەلەسەر لانەدراوەکان.

کەتواری فەلسەفە

دەکرێت بپرسین فەلسەفە بۆی چییە؟ فەلسەفە بۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ و ڕاخساندنی دەرفەتە بۆ بیرکردنەوە. لەڕەوە بیرکردنەوە دەکەوێتە ناو ڕاچڵەکین و هەڵچنینی وەڵام بۆ پرسیارە دژبژ و تەنگژاویەکان. فەلسەفە ئەو پرسە مرۆییەیە، لە بوونمان نابڕتەوە. لە دەمی شکست و سەختی و دژواریەکاندا پەنای بۆدەبین، واتە بیردەکەینەوە. پێشتریس لەو بارەوە وتومانە، کە دەخوازبوونی فەلسەفە چەکەرەبوونی بیرکردنەوەیە، زۆرین و گۆڕانەوەی واتاکانە بۆ داهێدی خەیان، ڕاشتنە لە بەشایەوە بۆ پێایی، بۆ ئەو پێپێ بوون لە وتن، وتنی ئەوەی تا هێنووکە نەبیستراوە. ئەم شەوە وتنە، ئەو وتنەیە، کە بۆتەنیا کاری هەزرە، کارە مەزنەکەی فەلسەفەیە. فەلسەفە، کە کارەکەی ئەمەیە، ئەویشە، کە خەمی ژیانمەندیی ئەمە و دەدردیسەرییەکانمانیەتی لە بوونماندا. بۆ ئەمە؟ فەلسەفە لەپێناوی ئەمدا کاری خێی کردووە بۆ گۆڕان بەدوای بیرکردنەوە و هەڵوەشانەوەی ئەستەم و تخوبدانان لەبەردەم کەند و کەسپەکانماندا. سەرباری ئەوەی وترا، درکیش بەوە دەکرێت، کە کەتوار (بارودۆخ،

واقیع)ی فەلسەفەی گۆبان باش نییە. کەتواری بیرکردنەوەی مرۆڤی نوێ ئەو باشە نییە، کە خەی پێیوایە. بەڵام ئەم ئامانجە نییە لەسەر کەتای فەلسەفە. ئەم ناباشییەی کەتواری فەلسەفە پێیوەندی بە دەزی گۆبانی ڕەوشتی و مرۆیی مرۆڤەوە هەیە. ئەم دەزێش پرسیارە لەسەر ئەستای پلانتەکەمان (هەسارە). جەنگ، نادادی، گرفتی ژینگەیی، داهمانی ئاکاریی مرۆیی، ڕەزنەگرتن لە ئاژەڵ و زەری بەکاریی و خراپی دەزی تەندروستی مرۆیی. لەڕەوە دەپرسین: چی بە تەوەرەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفەی هاوچەرخ بزانین؟ هەروەک پێشتر، ڕاستی، بەها، زانین و... بە تەوەرەکان بزانین یان مرۆڤی هاوچەرخ، هەنووکە، خاوەنی تەوەڕەی ترن؟
لەم حاڵەتەدا پێویستمان دووبارە بووێ، کە بزانین، فەلسەفە بابەتێکی ڕاستەقینەی سەرسوڕمانە، بەڵام ئایا ئەم لێگەڕانبیرییە ئەمەدا یەکدەگرتەوە؟ ئایا فەلسەفە لەناو ئەمەدا تایبەتمەندی لەخۆگرتووە؟ یان ئەو بابەتانەی لەژێر ناوی فەلسەفە دەنووسرێن و پێیاندەگوترێت فەلسەفیی چەند فەلسەفین؟ چەند نووسینە فەلسەفییەکانمان لە پێویستییە مرۆییەکانی ئەمەوە نزیکن؟
ئەو کەتوارە هەژارەی هزرمانی تەدایە ناهەمواری بە ئەوانە دروستدەکات لەو هەزرە تەدەڕامێن. بۆیە پێویستمان بەو دانپیاهێنانێیە، کە پێیوایە: فەلسەفە شوێنێکە پێ لە هەڵەت و بەردەڕانی، جەرگەکەی هەزانقانی، ئەبەتە بە ێیتمێکی ئاوەزیی و چەتر لە داشتنی گوزارە و قوەتر لە هەنینەوەی وشە کاریخەی دەکات.
هەر تایبەت بە کەم دراماتی هزرییمان دەشکاوانە و زەر بە ڕاشکاوی لەڕەدا ئاماژە بەوە دەکەین، کە وەرگەڕانی نووسینی فەلسەفیی لەلایێن کەسانی بێئاگا لە فەلسەفە (ناقوە و ناپسپۆر لە فەلسەفە) زیانی لە ونابکبیریی فەلسەفییمان دەدات و جێپەنجەی ئەو وەرگەڕانە هەڵانەش دیار و بەر چاو دەمێننەوە و زەمینەش بە تەنەگێشتن لە فەلسەفە دروستدەکەن. ئەو جەرە وەرگەڕانانە، کە داشتنە فەلسەفیی و زمانەوانییەکانیان پێن لە هەڵە ونابکبیریی فەلسەفییشمان کەشاویدەکەن.
پەرەشیم بە ئەو لایەنە وادەکات ئەو چەشنە بیرکردنەوەیەم هەبێت، کە ئەو نووسینە فەلسەفییانەی لەژێر کاریگەریی ئەو وەرگەڕانە هەڵانە چەردەردەکەن هیوایان پێنەکرێت و لە زیاد لە گەشێکیشەوە بینینی خەوشەکانیان بەهەندەوەرگیرێت. هاوکات بە لەمەولا پێویستمان بووێ نووسینی فەلسەفییمان لەلایەک لە چەنووکی نووسینی فەلسەفیی ناڕەسەن دەربەنین و لەلایەکی تر نووسینی فەلسەفییمان هەستیارانە دادوەری بەسەر تەکستی فەلسەفیی جیهانییەوە بکات.
باشە بە گەیشتن بەو خەزگەیەی لای سەرەوە وروژێندرا، زانکە، بەو

نەختە فەلسەفەیی تایبەتی، دەکارێت بەو ئەرکە هەستێت؟ بەگومان نەخێر. هەکارەکە ئەوەیە، کوالیتەی زانکەکانمان و ئەو شێوازە فەلسەفییەی لە بیرکردنەوەی فەلسەفیی نەوەندی ئەکادیمیماندا زاڵە ناکارێت هەڵتەکاندن لە زانینی ئەکادەمی هەنووکەماندا بکات. هاوکات لەناو قوتابخانەی فەلسەفیی جیهانییدا شتێک باوە لە زانکەکانی ئەمدا بوونی نییە، ئەوەش پرسیارسازیی و بەگەمەندییە. هاوکات لە زانکەکانماندا شێوازی خوێندن و بیرکردنەوەش کەسپ و ئاستەنگن لەبەردەم گەشەی بیرکردنەوەی داهێنانی و گوماناوییدا. لە هەموو ئەوانە گرنگتر، فەلسەفە نەهاتووەتە ناو بەشە جیاوازکانەوە، دوورە لە زانستە سروشتییەکانەوە.

فەلسەفە وەک بەش لە زانکە

هۆشی فەلسەفە وەک بەش لە زانکە زۆرێک گفتوگۆدەنگەتە پێشەوە. سەرەتای گفتوگۆکان ئەوەیە، کە سەرنجاکێشە لەم نوسینە کورتەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە گفتوگۆی فەلسەفە وەک بەش لە زانکە جیاوازە لە گفتوگۆی فەلسەفە وەک شوێنێک بۆ داهێنانی دانایی. فەلسەفە وەک بەش پێویستی بەوە خێی نوێبکاتەوە.
فەلسەفە ناشێت لەم سەردەمە، کە هەنگاو بەرەو زیرەکی دەستکرد دەنێت وەک هەزار ساڵ لەمەوبەر بوترێتەوە. ئەمەی وترا بەو مانایەدێت، کە فەلسەفەوتنەوە لە زانکەکان پێویستی بەرفەرمکی گۆڕێ. سەرەتای ئەو ڕفەرمە لەوەودەستپەدەکات، کە شانبەشانی وتنەوەی مێژووی فەلسەفە گرنگ و پێویستە جارێک لە بەبیرکاریکردنی (mathematization) هەزر، لۆژیک و تەلەژیا (لاهوت، یەزدانناسی)، ئەنتەلۆژیا (بوونناسی) و تەریزانین (ئێپستەمەلۆژیا) بوترێتەوە. بە ئەو مەبەستە و لەم حاڵەتەدا زانکە پێویستی بە مامەستای فەلسەفەی هزرکراوە و زمانزان و خاوەن ئاگامەندی هاوچەرخە. بەئەوە زانکە فەلسەفەشی تایبەت شتێکی ئەوتە ناگەێت.
شایانی وتنە، لەمەوەوە بابەتێکی کرێکداری تر هەیە، کە تایبەتە بە فەلسەفە وەک بەش لە زانکە، ئەوەش پەیوەندی بە خودی خوێندکاری فەلسەفەوە هەیە. بەشەکانی فەلسەفە ووە لە وشکبوونەکان و لەم ڕووەشەوە هەڕەزە و سەرکێترین هەشەنگە ئەوە بێت، کە خوێندکاری بەشی فەلسەفە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەستناکەوێت، کە دەپرسێت، دوای تەواوکردنی ئەم بەشە کارم دەستدەکەوێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە و هەکاری کار دەستنەکەوتنی خوێندکاری بەشی فەلسەفە پەیوەندی بە زۆر لایەنەوە هەیە، لەوانە: بەشی فەلسەفە هەروەک پێشتر ئاماژەماننپەکرد

پەویستی بە رەفەرمەکان هەر لە گەرینی هزر و توانا و لێهاتووی مامۆستاکانەوە دەستپێدەکات تادەگاتە گەینی مێتۆدی وانە وتنەوە و کەرس بوک و خودی وانەکان و ناوەرۆک و ئامانجییان.چونکە ئەو پەرشیە لەناو مامۆستاکانی فەلسەفەدا بووونی نییە، کە بەسەردەمیکردنی بۆشکە بەقازانجی گشت زانکە دەگێتەوە.

زانکەی بە فەلسەفە

ەاستە بە باکیمان بەرامبەر بە فەلسەفە ەێگ و ێیشەی خۆی هەیە، لە بە شکەیی فەلسەفەش لە ئەستادا لە نەوەندی ئەکادەمیمان هەلومەرجی تری هەیە. لە زانکەی بە فەلسەفەدا پرسیار درەنگ دروستدەبێت. کە دروستیش دەبێت سادە و فرەهەند نییە. هەر لەوەدا شەوازی قسەکردن و رووونکردنەوە زەدەێیتیادکرێت و ناپسپەر لە فەلسەفە وانەی فەلسەفە دەێتەوە. هەروەها پشتکردنی کەلەجەکان لە فەلسەفە وتنەوە بە چەوسانەوەی فەلسەفە کەتای دێت. فەلسەفە بەخۆی دژی چەوسانەوەیە، کەچی لە زانکەی بە فەلسەفە دا دەچەوسێنرێتەوە.
وەای ئەوە، لە زانکەی بە فەلسەفەدا، فەلسەفەشی تیابێت هەر بە فەلسەفەیە. لەم حاەتەدا هەگێری بروانامە لە فەلسەفە وادەردەکەوێت، کە هەگێری بروانامەیە لە زانستە کەمەایەتیەکان(مرێیەکان). بە ئەوەی هەگێری بروانامەی فەلسەفە شارەزای فەلسەفە بێت پەویستی بەویە جارەکیتر فەلسەفە بخوێنێتەوە. چونکە فەلسەفەی لەبەردەست ئەواندا خوێندووە، کە قوتابیی فەلسەفییان نییە. ئەمەش بۆشکە لەو غەدرەی زانکەکانی هەرەم لە فەلسەفەی دەکەن، ئەوەی فەلسەفە دەخێنەبەردەست کەسانی ناپسپەە لە فەلسەفە!
بارکردنی فەلسەفە لە زانکە بارکردنی عەقەە، کە ئەوەش بە بارکردنی بیرکردنەوە کەتای دێت. هەر لەبەر ئەوە، دژایەتیکردنی فەلسەفە لە زانکە دژایەتیکردنی عەقە و هاوکات ەاستیشە. زانکە و فەلسەفە پکەوە دەخی ەاستی دەپارێزن. فەربووونی ەاستیش لە زانکە شانبەشانی زانین بە بووونی فەلسەفە بە مانا دەبێت. بەیە ترسی زانکە لە فەلسەفە ترسە لەو عەقەیەی فەلسەفە دەیهێنێتە ناو زانکەوە.

زانکە بە فەلسەفەوە
فەلسەفە وەک دانایی بابەتکی گەورەترە لە بابەتی فەلسەفە وەک بۆش لە زانکە. ئەوەی هەیبەتی فەلسەفە لە زانکە دروستدەکات ئەو دانایییە، کە لە کرەکی فەلسەفەدا پنهانە. بەدانایییبووونی فەلسەفە وادەکات زانکە نەکارێت پشت لە فەلسەفە بکات. کەوابێت، شکەیی زانکە بە بووونی فەلسەفەوە لەناو زانکە گرەدراوە. ئەم شکەیە

بەو مانایە نایەت کە بەشی فەلسەفە لە زانکە بوونی هەبوو، ئەوە مانای ئەوەیە زانکە شکەدارە و زانینی زانکەییش شکەی پارێزراوە. نەخێر بوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیی، بەڵکو شکەکە بە بوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیی، بە بەاوکردنەوەی ئەم بیرە لە گشت بەشە جیاکانی کەلەجە زانستی و مرۆییەکانەوە گرێدراوە.

بەم شێوەیە بێت، فەلسەفە کە دێتە ناو زانکەوە ئەمە والە مامەستا و خوێندکار دەکات ریال(واقیعی)تر بن و زانکەش دەبێتە دانەدەی نەشونمای پرسیار و بیرکردنەوەی ئازاد، ویست بە ماف، کە ئەمانەش دروستدەبن، ئەوکات فەلسەفە لەناو زانکە خەی پێویستتر دەردەخات و زاڵیشدەبێت بەسەر وەڵنەدا. لێرەوە زانکە بەهەی فەلسەفەوە بیر دەکاتەوە لە بوون و ستاتەسی(کیان) خەی و خودی خەشی باشتر دەبینێت. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی، کاتێک فەلسەفە لە زانکەدا ئامادەیە ژیرمەندیی لەرێگای ئەو پێوەندییە بەتینەوە دێتەئاراوە، کە لەنەوان پرسیار و وەڵام دا هەیە.

بەپێی ئەوەی زانکە شوێنی خستنەگەڕی عەقڵە، هەر ئەو شوێنەشە ونا‌کی زانین بەاودەکاتەوە. لەبەرئەوە فەلسەفە لەناو زانکەدا بەواریکە بە هەشتنەوەی عەقڵ و نەهەشتنەوەی سێنەوەی بیرکردنەوە. کەواتە، فەلسەفە ئارەزوو نییە پێویستییە. بەمجۆرە سەرەتا نابێت فەلسەفە ئارەزوو بێت، کە مرۆڤ لە بوونی فەلسەفە گەیشت ئەوکات لای دەبێت بە ئارەزوو، بگرە ویستیش. راستە فەلسەفە ئارەزوویەکی شاراوەیە لە هەموماندا، بەڵام ئەم ئارەزووە کەتواری خەی هەیە و کاتی سەرهەڵدان و کارابوونیشی جیاوازە.

بەپێی رەلان بارت بێت بە کافکا نوسین رەگایەک بوو بە دەربازبوون لە نیگەرانیی، زانکەش دەبێت بەو جۆرە بروانێتە فەلسەفە. فەلسەفە وا لە زانکە دەکات خەی دەربازکات لە نیگارنیکان، کە هەردەم بەرەکی زانینی ئەکادەمیدەگرن. رزگاربوون لە نیگەرانییەش دەمانخاتەبەردەم پرسی چۆنیەتی رزگاربوون لە نیگەرانیی.

چیبکرێت تا فەلسەفە لە زانکە هەژابکرێت؟

زەرەک ناخوازن فەلسەفە توخنی زانکە بکەوێت، چونکە پێیانوایە فەلسەفە بێئیمانی، بێباوەڕی، بەاودەکاتەوە. بەیە ئەو کەسەی لە نەوندی ئەکادەمیدا فەلسەفەدەکات وەک دژە ئاین و یەزدان تەماشادەکرێت. بەڵام ئایا وایە؟ ئەبەتە نەخێر.چونکە فەلسەفە لە زانکە بێئەوە هەیە، کە لە خودی خەمانمان نزیکبکاتەوە و خەشماننزیکبکاتەوە لە ژیان و ئەو ژینگەیەی رۆژانە دەیژیین.

سەرباری ئەوە، دورکەوتنەوەی خوێندکاران لە زانکە لە فەلسەفە

پەیوەندی بە خودی ناواخنی فەلسەفەوە هەیە. فەلسەفە خۆی وایە، سادەیەکی بازاڕی نییە. هەرلەبەرئەوە زۆرێک لە خوێندکارانی زانکۆکان رقییان لە فەلسەفەیە و تاپشیانبکرێت خۆیان لە فەلسەفە بدوورگرن. بەشێرمانە زۆرجار داوادەکەن بە زمانێکی سادە، زۆر سادە، ئەوە باسکرێت، کە بابەتێکی هزرییە. هەر ئەوەنە گوێیان لە چەمکی فەلسەفە دەبێت ترس و نیگەرانییەک روخساریان دادەپۆشێت و پرسیاری ئەوە لەو روخسارە پشکاوەیان دەبینرێت، کە تێناگەم. تێناگەم لە فەلسەفە ئەو گوزارە باوەیە خوێندکاری زانکۆ خەیپە لە فەلسەفەربوون دەربازدەکات. بە ئەو خوێندکارە شتێک نییە ناوی گفتووگۆیان دانوستاندنی فەلسەفەیی بێت. ئەو لە ژینگەیەکەوە هاتوە نافەلسەفیی بووە، لەوەڕبووە لە بیرنەکردنەوە، لە کتێب نەخوێندنەوە، لە بیرکردنەوەی بڕش و سەرپێیی ناقوە و هووکش. بەیە ئەو خوێندکارە سەرسام نییە بە هیچ شتێک بلکە بە ژیرمەندیی و ئەندێشەگرایییەوە. ئەم بڕجارەک لەتەک فەلسەفەدا ناسازگارە ئاسان نییە لەو ماوە کورتەی زانکۆدا بکرێت بیری بڕجارەکی تر بچنرێت و وایلێکرێت ڕچەشکێنرانە بیربکاتەوە. هەڵە و ژینگەی زانکۆ و ئەو جۆرە مامۆستایانەی لە ئێستادا بەردەستن، ئەو جۆرە خوێندکارانە لە هەناوی بیرنەکردنەوەدا قەتیسدەکەن. ئەمەش گیردەخوەقێنن بە ئەوانەی بخوازن فەربوونێکی تر لەناو خوێندکاراندا بچێنن.
بەداخەوە، ئەم جۆرە خوێندکارانە ئەو نەوەیەن وەسەو بەزارن لە بیرکردنەوەی قوە و فراوان. ئەگەر سوور بشزانن فەلسەفە ئەویان فەردەکات پشتر فەرێنبووە هەر هەڵوەستێکی باشیان نابێت لەوبارەوە. گشت ئەمانەش بەرەنجامی ئەو ژینگە پێنادادیی و بە مافییەیە، کە خەیان و خەزانەکانیان ساڵانێکە تیایدژین. بەڵێ ئەو ژینگەیە رق لە فەلسەفەی تیا سەوزکردوون و کردوشنی بە دوژمنی کتێبخوێندنەوە.

سەرئەنجام

لەردا مشتێک شرۆڤەی کورتمان خستەوو سەبارەت بە هزرەژاری زانکۆ، کاتێک بە فەلسەفە دەبێت، لەمە قسەمان تەنها لە بوون و نەبوونی بڕشی فەلسەفە نەبوو لەناو حەرەمی زانکۆ، قسە سەرکییەکەمان لە بوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیی بوو لەناو مامۆستا و خوێندکاران، لەناو سەرتاپای کەلەجەکان، لە گشت قوژبنێکی نوونەدی ئەکادەمیماندا. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی، کە کەمدراماتی زانکۆ دەکرێت بەو هەژارییە هزرییە فەلسەفییە پەوانبکرێت لە زانکۆدا بووونی هەیە. جێی نیگەرانییەش، دەرفەت لەبەردەم

بیرکردنەوەی فەلسەفیی لە زانکۆدا ناکرێتەوە، وانەکان و فەرهەنگەکان هەڵگری توخمی زانینیی نوێ و نادووبارەنابن. هەنگاوێکی فەلسەفە، کە سەربەخۆی بدرێتێ و هەست بە ئازادی بکات، بکارێت خوێندن لەو بڕگە والەکات بە ویستی خوێندکار بێت و دواتر پسپۆر لە لقێجیاجیاکانی فەلسەفەش دروستکات و زەمینەش بۆ دروستکردنی پسپۆر لە هزری هەژئاوا بەخسێنێت. بەڵام پێش هەموو ئەوانە پسپۆڕی لە فەلسەفە پێویستی بەوەیە خۆی لە قاتوقڕیی هزریی دەربازکات و ئاسۆی هزریی بەرین و فراوانکات.
شارستانیی کۆن و نوێ لە جۆری فەلسەفەی بەخێوەی نەدیوە. پێگەی ئەم جۆرەش، واتە فەلسەفە، کە مرۆڤایەتیی دەزیوێتیەوە، بە گووجەکان لاوازنابێت. گووجەکان، کە ئاشنانیین بە فەلسەفە نازانن فەلسەفە لەوانەیە لە ئاوەز، کە ئەوەش دژە جەمسەری ئەوانە. گووجەکان، کە شادن بە نەمانی فەلسەفە، لەوە بێئاگان نەمانی فەلسەفە بە نەمانی پرسیارەوە گرێدراوە. پرسیاریش هەیە تا مرۆڤ هەبێت. گووجەکان، کە فریوخواردوون، لە زیادبوونداین. گووجەکان دەکرێت مرۆڤکانی ناو و بەردەستی دەسەڵات بن، دەیشکرێت دوژمنانی فەلسەفە ئەوانە بن، کە بەسەقەت فەلسەفە دەکەن. گووجەکان ئەوانەن، کە ڕقیان لە فەلسەفەیە، ئەوانەی فەلسەفە تاوانبارەکەن بە ناڕوونیی لە بیرکردنەوە. ئەوانەیش، کە بەهۆی خراب_حاڵیبوونیان لە فەلسەفە جگە بە فەلسەفە لەژدەکەن و پرسگەلی فەلسەفیی ناوروژنن، کە دەرد و کێشەکانمان تیماربکەن. کەوابێت، بە دەبێت فەلسەفە هەبێت، کە گیرەدەبوونەکانمان نەخاتە ژێرپرسیارەوە!

ئازاد حەمە

مانای سێ یەمی فیگوری مرۆڤ و سێگ.. نیهاد جامی

ئەمە لە کوێی ژیاندایە؟ پرسیارێک پێویست نیە بە ئەستامانەوە، هەندێ پرسێکی بونگەرایی ئەمەیە کە دەکەوینە کوێی مەژووی مرۆڤەوە؟ هەر بەڕاست ئەمە لەسەردەمێکدا کە کولتوری شاشە ژیانی زەوتکردوین، پێویستە لەگەڵ هەوداوەکانی ڕۆژدا قسەمان لەهەموو

شتێک هەبێت؟ کەی ئەو پرسیارانە دەرگا کردنەوە نیە بۆ قسەکردن، هەندێ نائومێدبونی مرۆڤ لەم رۆژگارەدا، رووبەڕوبونەوەی نامۆبێت بە پسپۆری، بەیانوی هەوەستەوە قسە لەتەواوی کایە جیاوازەکانی ژیان دەکەین، لەناگەڵین پسپۆڕانی بوارەکە قسەمان بۆ بکەن.
لەڕەدا ئەمە لەنێوان مرۆڤ و کولتوردا، بەشایەکمان هەیە لەو پەیوەندیەدا، ئەویش ناسینە، ناسین وەک مانای زانستی مرۆیی دێت، لەو ساتەدا دەپرسین کاری هونەری دەکەوێتە کوێی زانست؟
بوونی هونەر بۆ ئەو ناپڕسیاریەتیەی مرۆڤ تا بەدەردی گەمژەیی قسەکردنی زۆرینە نەمرین، هەندەکجار قسەکردنی زۆرینە وەک ژەهرێکە دەرخواردمان دەدرێت، ئەمە بەهۆی ئەو قسەکردنانەوە بونمان لەبەردەم ژەهراوی بوندایە، بەڵام هونەر دێت خەرا فریامان دەکەوێت، لەم رۆژگارەدا کەوا مرۆڤی ئەمە قسە لەرووداوگەلێکی کەن دەکات، ئەو مرۆڤ خەی وەک هەمیشە دابەش دەکاتە سەر دوو بەرەی دژ بەیەک، ئەوەی بۆ ئەمە دەمەنێتەوە قسەکردن نیە وەک ئەوان، هەندەی بەدەنگیەکە کە ئاخە ئەم ژەهرە دەمانکوژێت یان تەنیا کوڕمان دەکات؟لەبەردەم ئەم پرسیارەدا هونەر دێت تا ڕزگارمان بکات لە مەرگ و کوێریی، حەقیقەتێی مرۆڤ لەقسەکردنەوە دەباتە ناو گومانکردن، بۆ من ئەو حەقیقەتە لەتابلۆکانی هونەرمەند پشەوا مەحمود بینیم، کەمێک فیگورێکی مرۆڤ لەدەخێکی ئاوێتەیی نەوان مرۆڤ و سەگدا رووبەروی هاودژبونەوەی تەگەیشتنمان دەکاتەوە بەوەی ئەو لەژیکە کە بوو بە زانیاری بەرایی لە ئێستادا، بەوەی سەرتا مرۆڤ وەک گیاندار دەرکەوت و هەندێک سات ئارەزوێکی زۆر دەمانبات بۆ لای تیەرەکەی داروین بۆ مرۆڤی سەرەتایی، تا ئاستی ئێچوونەوە ناو مرۆڤناسی، بەڵام ئیدی ئەو زانینە هیچ کەمەکەمکان ناکات بۆ ئێستا، دەشێت ئەوە زانستێک بێت مرۆڤکانی تێی کەمەلایەتی لەشوێنی شوێنەوارناسان و مرۆڤناسان قسەی لەبارەوە بکەن، سەرەنجام روانینەکان هەمووشیان شتێک بۆ زانینمان نابەخشن، کەچی پشەوا دێت مرۆڤی هاوچەرخ ئەو مرۆڤەی باس لەوە ناکات کە سەرەتا ئەو لەشەوەی گیاندار بوو، هەندەی فیگوری ئەو مرۆڤە لەئێستادا ئەو حەقیقەتەیە کە بوونی ئەو لەنێوان مرۆڤ و گیاندارەکە دەگەڕێتە سەر سەگ، لەڕەدا سەگ بۆ کەمێک دەلالەتەکەوە بۆ دینیەکانی لای خەمان شوێنی سەگ سەر شەقامە، شەوان بۆ مرۆڤ دەوێت، کەچی بۆ مرۆڤی خەرئاوایی باشترین دەستە و لەماڵەوە ئەندامێکی هەرە ئازیزی خێزانە، ئەو دوالیزمە ئەنگە بۆ مرۆڤی کوردی وەک فیگورێکی بەبەها سەیری بکرێت، بەئاگا لەوەی بوونی ئاستقینەی خەیاتی لەقسەکردنێکی هەمیشەیی، بەڵام هونەرمەندەکەمان لەگشتێکی هونەری کە ئیدی ئەو لەناو کولتوری خەرئاوا نیگاردەکشێت، سەگ بۆ ئەو ئەو مانا کوردیە

نابەخشت، بڕۆد ئەوەی دەخی لابردنی جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیاندارێ لە فیگورێکدا، ئەمە لەبەردەم ئەو دوو مانایە بە فیگور ئومێدێک بە خەمان لەبینین نادزینەوە، بەیە نائومێدیەکانمان بڕەو مانای سێیەمی کاری هونەریمان دەبەن، ئەو مانایە بە کۆمان دەگەیەنێت؟ پرسیارێکی ئەمە لەڕەوە دەست پێ دەکات تاوەکو گومان لەکەی هەوانینەکانی پشووماں بکەین.
لەڕەدا بە مانای سێیەم پشت بە هەڵان بارت دەبەستین، کە کەی ئەوەی خستمانە ڕوو لەهەمان کاتدا بەو مانایە گومانی لە دەکەین، هەکارەکەی مەعریفە نیە هەر وەک زانیاری مرۆڤکانی تەی کەمەلایەتیە کە بارت بە ئاستی هەواڵ ناوی دەبات، ئەمە کارمان بەو ئاستە هەواڵیەی فیگور نیە، وەک چۆن وەستان لەئاستی هەمزی فیگور بەس نیە، ئەو دەمەی ئاستی هەمزی فیگور شوناسی مرۆڤی هاوچەرخمان لە ڕووخساری سەگ نیشان دەدات، ئاخە ئەو دەلالەتەی بە وەرگر دەینەرێت لەدەرەوەی بەزەیی و سەز وەناکردنە بە شوناسی داهاتووی ئەو مرۆڤە؟
ئایا ئەوە زمانە ئیدی توانای تێگەیشتنی لەدەستداوە و لەهەگەی هەستکانەوە دەتوانین کە دەنگیەکی بەدەنگی بە زمانی بینین و ئاماژە دروست بکەین؟ ئەوە دەشێت پرسیار بێت، بەڵام هەرگیز دەستەواژەیەکی پشنیارکراومان نیە بە تێگەیشتن لەداهاتووی ئەو مرۆڤە.
ئەو مرۆڤە لەهەر پەرتەکدا سەر بە کولتور و هەگەزەکە، فیگوری ژنەکە دابەش بێتە سەر مرۆڤ و سەگ، ئەو دابەش بونە ناگەێت، ئەوەی دەگەێت هەگەزو نەژاد و کولتورە، دەبێت بە پیاو بە هەش پەست بە مرۆڤکی عەرەبی بە هاوهەگەزبازێک لەهەی هەنگی قژیەوە وەک ئاماژەیەکی زیرەکانەی هونەرمەند خستویەتیە ڕوو، سەزانیەک، پیرەکی نەخۆش بەدەم ناینی ئازارەوە، بەڵام لەکەی کردەی بینین پەرتەتی ئەو مرۆڤە لە تاکەکەوە یەکدەگرن، لە کە پەرتەتدا فیگوری ئەمەی مرۆڤی هاوچەرخ پێکدەنن، بە لابردنی تەواوی ئەو جیاوازیە کولتوریی و نەژادیە، ئەوە ئەمەیەک چەندە ڕابردوومان هەگەری شوناسەک بوو، سەرەنجام یەک سیستمی ئەخلاقی هەمومان کە دەکاتەوە، جیاوازی نەژادی و هەگەزی و کولتوریی هیچ مانایەکی بە نامێنتەوە.
ئەگەر مانای ڕوون لەناو مانای سێیەم بەپەی چەمکە بارتیەکە بخوێنینەوە، بەو پێیەی بارت دەنووسێت «ئەوە بەشکە لە مانای ڕوون، وە مانای ڕوون شەشە» دەبێت بەیین شەشی تەکنەلەژی کە مرۆڤی هاوچەرخی کردە بەرهەمی کولتوری شاشە، فیگوری ئەو مرۆڤە ئیدی لەبەردەم بینین و وێنەدایە، هەستی مرۆیی شتەک نیە هەندەی پەویستی بینینە، نیگای سەگ کە هەمیشە نیگایەکی خەمبار و

هاوهەمەنگیە لەگەڵ بینین، لێرەدا حەقیقەتی مانای سێیەم لەو ئاوەتە بونەی مرۆڤ و سەگ دەردەکەوێت لەبینینی تەواوی زانیاری و ڕووداوەکانی شاشەدا، کە لەساتی بینین ئەو مرۆڤە سەگئاسا خەمبار دەبێت و هاوسۆزی نیشان دەدات، هاوسۆزیەک دیسان لەگەڵی پەیوەندی شاشەوەیە.

مانای سەختی وەک یەکێک لە ماناکانی سێیەم لێرەدا چیە؟ پاککردنەوەی ڕووخسارە لە سەگ و بینینەوەی وەک مرۆڤی هەر تابلۆیەک؟ ئایا ئەوە مانا سەختەکەیە یاخود ڕووپۆشکردنی سەگ بەسەر تەواوی فیگور تا ئەمە سەگ ببینین نەک مرۆڤ؟ ئێستە لەو ساتەدا مانای سەخت ئەمە دەخاتە بەردەم دوو گریمانە، بەڵام ئاخە ئیشکردنەوە لەسەر یەکێک لەو دوو گریمانەیە بە خۆی کردەیەکی پووچگەرا نیە بۆی بمانوێت ئەو دوو فیگورە لە فیگورەکەدا لەیەکتر جیا بکەینەوە؟ لە مانای سەختیدا بە من پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەویە.

کەواتە ئەمە لەمانا سەختەکەدا بەرەو کوێ دەبێین مادام نامانەوێت لەسەر ئەو دوو پرسیارە ئیش بکەین؟ ئەمە کاتێک یەک لەو دوو ڕوخسارە «سەگ و مرۆڤ» لەیەکتر جیا ناکەینەوە، دەزانین کردەی زانینیش هەر کاتێک زانیمان پێویستمان بە گەڕان نیە، ئەمە لە نەزانراو دەگەڕێین تا بگەین بە زانین، بۆیە قسەکردن لە ڕوخساری سەگ یان مرۆڤ دوو ڕووخساری زانراون، ئەوەی نەزانراوە نهێنی ئەو دەمامکەیە لەپشتی سەگەوە هونەرمەندەکەمان خستوێتیە سەر مرۆڤ؟ لێرەدا ئەمە قسە لەهیچ لەو دوانە ناکەین هێندەی دەمانەوێت لەنهێنی ئەو دەمامکە تێبگەین وەک ئەوەی ئیدی مرۆڤ وسەگ پێکەوە یەک فیگور پێک بهێنن، ئەو فیگورە پەیوەندی زەمەنی مرۆڤی سەرتاپیە تا دەگات بە مرۆڤی ئەمە کە چەن ناتوانێت بەبێ گیاندار هەبێکات، لەهەمان کاتدا پەیوەندی هاوبەشیان وایکردووە هەر یەکێکیان ئەویتر تەواو بکات، ئەو لەژیکە لەگەڵاندا بەرەو ئەو ئاستەمان دەبات کە ئیدی چەن دەکرێت ئەمە لەیەکتریان هەلبوشێنینەوە، هەوەشاندنەوەی فیگور دەبێت لەسەر بنەمای گەڕانەوە بێت بە سروشت ساتە تەنیا هەنگ بوونی هەیە و هەشتا مرۆڤ و گیاندار نەهاتونەتە ناوێوە.

ئاگەر بارت لە وتارەکەیدا بگەڕێتەوە بۆ جارێک لە ئارەزوی نواندنی برەختیانە «شانۆکاری ئەمانی بەتەد برەخت» ئەوا لای پشەوا مەحمود فیگورەکە نواندن ناکات، هێندەی نونەرایەتی فیگوری منە، من وەک ئاماژەیەکی مرۆڤی هاوچەرخ.

هەست و ئارەزووکان هیچ گەڕانکاریەکیان بەسەر نایەت، ئەوەی دگەڕێت فەمی بینینە، دەنا ویستی مرۆڤ و گیاندار کردەیەکی بایەلۆژی هاوشێوەی یەکتریە، ئەو فیگورە لەوێنەیەکی ئاوێتەیی دا

ئەو دوانەی کردەتەوە یەکتر، یا گەر بە زمانی بارت قسە بکەین دەمامکی سەگ لەسەر مرۆڤ بوونەکی نواندنەکی بەرخۆیانە کە نوێنەرایەتی یەکتری دەکەن، چونکە سەر بە یەک نەژاد و زیندەگین، هەر نا لە کاری هونەری هونەرمەندەکەماندا.

١٩/٥/٢٠٢٤
نەخشەخانەی لا تیمەن

کام یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا ؟!.. سەدیق سەعید وەندزی

سەرنجێك لە بارەی پرۆژەکەی پەیمانگای پەروەردانی ئەمنی وکارگێڕی لە هەنبەر پرسی یەکسانیدا

لەگەڵ گواستنەوەی کەمپەگەی مرۆڤایەتی، لە قەناغی کەمپەی سەرتایەوە، بۆ کێلایەتی و دواتر دەربەگایەتی و پاشانیش سەرمایەداری، وەك دوا فۆرمی پەرەسەندنی ژیاریی و کۆمەڵایەتی و سیستەمێکی سیاسی و کارگێڕی کە ئێستا لە جیهاندا باڵادەستە، مرۆڤایەتی گەلێك پشکۆتنی شارستانی بە خۆوە بینیوە. مرۆڤە سەرتایەکان، لە ئشکۆتکان دژیان و پشتیان بە ئاوکردن بە درژدان بە ژیانییان دەبەست، بگرەای دارکان و پستی ئاژەل، خیان لە سەرما دەپاراست، پاشان ئاگریان دزیەوە، لەگەڵ دزینەوەی ئاگر، لە ئشکۆتکان هاتنە دشت و قڕاغ ووبارکان و ئەو هۆمرجە سەرتاییە نوێیە، ناچاریکردن شونك بە مانەوەی خیان لە ووداوە سرووشتییەکان و خپارێزیان دروست بکەن و دواتریش دستیان کرد بە زەوی داچاندن و گوندی چرمووی ناوچەی چمچەماڵی هەرمی کوردستان، یەکەم گوندی دیرکی و شونواریە، کە مرۆڤایەتی بە یەکەم جار کشتوکاڵی تیادا کردووە. هەموو ئەو گرەانکاریە کۆمەڵایەتی و مریانە، هۆمرجکی تازیان لەگەڵ خیان هەناوتە ئاراوەو دینامیکییانە ژیان گرەاوە لە قەناغکی سەرتایەوە، بە قەناغکی ئاڵوزی وەك ئێستا. مرۆڤە سەرتایەکان،

دوای ئەوەی لە شەوی کۆمەڵە، بە یەکەوە دەستیان کرد بە ژیانکردن و کارکردن، فۆرمێکی کۆمەڵایەتییانەی تازە بە ناوی خەزان، هەروەها گوندی گەورەترو شارچکە هاتنە ئاراوە. بەمەش مرۆڤایەتی لە قۆناغی سەرەتاییانەی بەیەکەوە بوونەوە پەرت و بڵاوبوونەوە و هەریەکەیان، شوناسێکی جیاوازتری لەوان وەرگرت. نەتەوە و گەلانی جیاواز بە درێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی دەرکەوتن و ئەو گۆشەکردنە جوگرافیی و سروشتییە، هەم پەداویستی زۆرتری هێنا ئاراوە، هەمیش فۆرمێکی دیکەی جیاوازی لە ژیانی ئاسایی نەو گوند و شارە سەرەتاییەکان هێنا ئاراوە، کە ئەویش شارە بە مانا مۆدێرنەکەی. شار، بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی جوگرافی، ئەتنیکی، کولتووری، پیشەسازیی و بازرگانی دیاریکراوە، کە هەڵگری جۆرە هارمۆنیایەکی کۆمەڵێیەتی و هەموو پێکهاتەکان لە شاردا بە جیاوازی دەگەزیی و ناسنامەیان یەکدەگرنەوە، بە پێچەوانەی گوندەکە پارێزگاری لەو مۆرکە خەسڵەتییە گوندییەی خۆیان دەکەن. لە شاردا، جۆرە ونبوونێکی ناسنامەیی هەیە، کە ئەوی جیاواز و تاك لە نەو کەی شاردا دەتوانێتەوە دەبێتە بەشێك لە کەی ناسنامەی گشتی ئەم گۆڕانکارییە هەر تەنها شەقام و باخانە و سیمای ژیاریی و سەرخانی شار ناگرێتەوە، بەڵکو لە ئاستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و کرانەوەی هزریشدا دەگرێتەوە. بە جۆرێك کە جیاوازی دەگەزی، ئازادییەکانی ژن، ئازادییە کەسی و گشتییەکان، گەشەی زۆریان بە خۆوە دیوە. بگومان ئەو پێشکەوتنانە، دەرئەنجامی گەشەی ژیاری و شارستانی کۆمەڵگەن و بەشێکن لە پێشکەوتنەکانی جیهان و لەگەڵ هەر جۆرە پێشکەوتنێك، ئیدی شوناسی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و پرسی ماف و ئازادییەکانیش پێشدەکەون و گۆڕانیان بەسەر دادێت، وەڵە پرسێکی مرۆیی گەورە، کە دەکرێ وەرای ئەو هەموو پێشکەوتنانەی کە مرۆڤایەتی تا ئێستا بە خۆیەوە بینیویەتی، هێشتا نەتوانراوە وەك پێویست گۆڕانکاری تێدا بکرێت، پرسی جیاوازی نەوان هەر دوو وەك پێویست گۆڕێ، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا. گەرچی ژنان، ماف و دەسکەوتی گەورەی زۆریان، هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان وەدەست هێناوە، وەڵە هێشتا لە هەزاران شوێن و جێگە و سووچی ئەم دنیایە، ژنان هاوتای پیاوان نین. سەرمایەداری، کە وەك دوا مۆدی کۆمەڵایەتییانەی ژیان، لافی ئەوەی لە دەدات، کە دوای کۆمۆنیزم، ئیدی ژیان دەکاتە بە هەشت، قەیرانەکانی ئەوەندی دیکە قووڵکردنەوە، بە جۆرێك لەو سیستەمشدا، هێشتا ژنان مافخوراو یەکسان نین لەگەڵ پیاوان. بە نموونە تا ئێستاش لە مێژووی درێژی ئەمریکادا، بەو هەموو دیموکراسییەت و لیبرالییەت و کرانەوەیە، ژنێك نەبەتە سەرۆکی. هەتا ئەم ساتانەی دوایی لە وڵاتانی کەنداو،

ژنان ماقی شەڕی کردنیان نەبوو، بەگومان ئەگەر لەم وڵاتانە ژنان بەوشێوەیە بەبەش بکرێن لە مافەکانیان، دەبە لە کۆمەڵگەی ئەمەدا چۆن بن؟ پرسی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا لە کۆمەڵگەی ئەمە، پرسێکی کۆمەڵایەتی، خەزانی و کولتووریی و پەروەردەیە. کێشەیەکە، ڕەگەکی درێژی مێژوویی هەیە و بووە بە نەریم و تەگەیشتنەکی میللییانە کە هەرگیز پیاو و ژن هاوتای یەکتری نین و نابن. بەو پێیەی لەلایەکەوە شەریعەتی ئیسلام وا دەڵێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەهەندی جێستەیی و فسیۆلۆژی ژن، دەکرێتە پاساوێك بۆ ئەو لێك جیاکردنەوە و پلە بەندییە کۆمەڵایەتییە بەو مانایەی ژن سووکی مانگانەی هەیە، منداڵی دەبێت، ڕەمانسیتر و بەسۆزترن، لەوەی ئەقلانیتر بن. ئەمە وەڵامی ئەوەی کە گەورەترین مەترسی لە سەر ئەو بەیەکسانکردنە هەیە، کە ئەویش مەسئەڵەی بەستنەوەی شەرەفە بە ژن و لە ژنیش بە عەورەتی و لە عەورەتیشی بە دەڤەپۆخونەك. بەیە بەردەوام بە شێوەیەکی ڕەها، لە جیهانبینی پیاودا، ئەو سنوورە دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی هەردووکیان لە یەکتری. لە ڕاستیدا، پرسی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا، بە تەنها کاری ڕەکخراوەکی فەمینیزمی، ژنە چاڵاکوانەك، دامودەزگای بەرەنگاربوونەوەی تونددووتیژی دژی خەزان و ئافرەت نییە، ئەو پرسە پێوەندی بە بیرکردنەوە و ئەقڵیەتی کۆمەڵگە بە گشتی هەیە، بەیە دەبێت کاربکرێت لە سەر هەڵگەڕانەوەی ئەو تەوانینە. من سەیرم پێ دێت، وەختێ دەبینم ژنەك قەڵغانی مرۆیی و دەیان خەڵاتی ڕەز لەنان لە پێنا و کارکردنی لە سەر پرسی یەکسانی پێ دەدرێت! مەگەر ئەو پرسە بە تەنها هی یەك کەسە؟ لە دوای ڕاپێنەوە، گەرچی کرانەوە و پشکۆتنەك لەم ڕووە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام هێشتا وەك پێویست نییە و دەزگاو ڕەکخراوەکانی ئەو بوارە و بگرە حکومەت و فەمینیستەکانیش، بە ئاگایی و خەپارێزیەوە کار لەسەر ئەو پرسە دەکەن، چونکە دەزانن دەرەنجامەکەی چی دەبێت؟ پرسی یەکسانی پێوەندی بە سیاسەتی یەکسانی، بزاڤی ڕەکخراوەیی، هەوڵی فەمینستانە بە تەنها نییە، بەڵکو پرسەکی گشتییە و پێوەستە بە ئەقڵی گشتی کۆمەڵگە و تاکەکانەوە دەبە لەوەدا هوشیار ببنەوە، کە یەکسانی چییە و چەند بەوایان پێیەتی، نەك لە ڕەگەی پەیام و گوتارەکی کوورت مەودا، ئەو پرس و بابەتە بکرێتە گەنگەشەی کۆمەڵایەتی و دوانریش شوێنی خەی نەگرێت. (سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئاقرەت و پیاودا)، ناونیشانی بەاوکراوەیەکی (پەیمانگای پەرپەدانی ئەمنی و کارگەڕی و تەکنەلۆژیای زانیاریی) سەر بەوەزارەتی ناوخەیە و تیایدا لە بارەی سیاسەتی یەکسانی، ماف و ئەرك و ئازادییەکانی نەو ئەو دوو ڕەگەزە، دەرفەتی کارکردن، چەند

پرسکی دیکە، باس لە چنییەتی بەرجەستەکردنی ئەو سیاستە دەکات. ئەم بەاوکراوەیە، گەرچی پە دەچەت ناوەکەکەی پەیوەست بەت، بە کارەندانی وزارەتی ناوخەو بەتنها بەام چونکە بەشوەیکی گشتی لە بارەی یەکسانی ئافرەت دەدوەت، ئیدی پرسکە پەیوەست دەبەتەو بە هەموو کەمگەو. لە دەسپەکی ئەو بەاوکراوەیدا، پەناسەی سیاستی یەکسانی کراو، بەام گەر سەرنج لە ناوەك و شەڤەی ئەو چەمکە بدەین، دەبینین خودی پەناسەکە، پارادکس و دژ واتایی وەلی و ناوونیکی زەری تەدایە و بەاشکاویی و بە ووونی و بە سەمینەوەی کەمەایەتی و کولتووریی و خەزانی، پەناسەی چەمکی یەکسانی ناکات، گومان دەکەم ئەوانەی پەناسەکیان کردووە، لەوانگەی خەپارەزیی میللی و کەمەایەتییەو، مەبەستیان نەبووە پەناسەکە ووونتر بکەنەو و بە کردەیی دەریبخەن کە یەکسانی چییە و چەنە. لە پەناسەکەی پەیمانگای پەرەپەدانی ئەمنی و تەکنەلۆژیای زانیاریی هاتووە:([illegible] 7) [illegible]

ئەگەر هاتوو بەرزبڕەکی پیاو و بەرزبڕەکی ئافرەت لەچاوپێکەوتن دەرچوون، ئەوا پێویستە پێشینەیی بدرێتە ئافرەتەکە و وەکو بەرزبڕ دیاری بکرێت. لا 15) ئەم بەشاوکراوەیە، گەرچی لە بارەی پرسی یەکسانییە، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرکان لە بری ئەوەی یەکسانی بنەتەدی، بە بۆای من، ئەوەندەی تر ئەو جیاکارییە قووتر و

زۆقتر دەکاتەوە. ئەگەر پیاوێك لە چاوپێکەوتنێکدا، وەك بەرپرس سەرکەوت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو بوارەشی تێدا بێت، دەکرێ بڵێین بە پێی کام یاسا، ئەو مافەی لە زێت دەکرێت و دەدرێتە ئافرەتێك؟ ئەمە یەکسانییە لە ئەرك و مافدا؟ یاخود بە پێچەوانەوە؟ ئەگەر ئافرەتێك بە لەوشاوەیی و لێهاتوویی خۆیەوە وەك بەرپرس سەرکەوت، بۆچی دەبێت لە پێشینەیی بدرێتە پیاوێك؟ مەگەر هەردووکیان مرۆڤ نییین؟ وەك یەك ماف و ئەرکیان نییە؟ نابێ مافی یەکێکیان، لە پێناو مافی ئەویتردا، پشێل بکرێت، چونکە ئەمە جەرکی دیکەیە، لە جیاکاریی لەووی ماف و پێیێوە. لەبرگێیکی دیکەی ئەو بەاوکراوەیدا، لەبارەی پێست و بەرپرسیارێتی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا هاتووە:_(لە پێستە باڵاکان، یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو، یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکان، بە تێکخستنی دام و دەزگاکە) گەر سەرنج لەو بۆگۆیە بدەین، بە دیاریکراوی دەستواژەی (پێستە باڵاکان)ی دیاری نەکردووە، کە مەبەست کام پێستە و لە چ پلەیێکی کارگێڕی دەست پێ دەکات؟ بۆچی ئەو پێستانە، بە ناونیشان و پێگەی سیاسیی، بە ئاشکرا ڕوونەکراونەتەوە، کە ئەمش بەبەوای من، جەرکی دیکەیە لەوەی کە ئافرەتان، ناتوانن تا پێستی باڵای ئەم هەرەمە، بڕۆن و هەرتنهاە، لە پێگەیێکی دیاریکراو دەمێنەوە. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە بەشێك لە پێناسە و بۆگۆکانی ئەو بەاوکراوەیە، پەویستیان بە داشتنەوەو پێناسەکردنەوە هەیە، بە ئەوەی بە ڕوونی دەربکەوێت، کە مەبەست لە سیاسەتی یەکسانی و چێنیەتی پیا دەکردنی لە کەمەگەی کوردی و دامودەزگا کارگێیەکان چییە؟!

پەراوێز:_ سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاودا، لە بەاوکراوەکانی: وەزارەتی ناوخۆ [illegible] (9) ساڵی 2019.

سەدیق سەعید ڕواندزی

*ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕۆگای کوردستان ژمارە (1378) لە 20/2/2024 بەاوکراوەتەوە.

سیمیۆلۆژیای بارت و بوونگۆرایی سارتەر.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

نووسین کلیلە بۆ ناسینی جیهان، نەك جیهان کلیل بێت بۆ ناسینی نووسین. لە ڕۆگای ئەو قسەیەی بارتەوە لەنوان (نووسین) و (کلیل) لەنوان ئازادی زمان و مژووی نووسین... هەوڵدەدەم قسە لە چەمکی (ناسینی مژوو) لای سارتەر و چەمکی (ناسینی ئازادی) لای بارت بکەم. وەك دەزانین هەر یەك لە سارتەر و بارت لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە بە دوو نەوەی بەرهەستکار دەگەنەوە. دەشە لەو خوێندنەوەیەدا بە بیروڕاکانی بارتی سیمیۆلۆژی (لێبری وشەی کلیل) وشەی ئازادی زمان و بۆ (ناسینی جیهان) و بە پشکنینی بیروڕاکانی سارتەری بوونخواز وشەی مژووی نووسین (لێبری وشەی کلیل) بۆ (ناسینی نووسین) بەکار بهێنین، دواجار بۆ کورتی دەمانەوێت ناسینی جیهان لە سیمیۆلۆژیا و ناسینی نووسین لە پابەندبوونی نووسەر بخوێنینەوە!

(ژان پۆل سارتەر) ناسینی نووسین وەك وەسیلەیەك بۆ پابەندبوون دەخاتە ڕوو. کەواتە زمان وەك بۆها، ئایدیۆلۆژیەتکی هەژموونداری پێکدێنێ و مرۆڤ والەدەکات لەلایەك بەدوایدا بکەوێت و لەلایەکی دیکەش لە دووتوێیدا دابخرێت. بەڵام (ڕۆلان بارت) پێیوایە دەق لەگەڵ خوێنەر دەتە گۆ. لە خوێندنەوەدا دەق قسە ناکات، بەڵکو لەگەڵ خوێنەردا دەکرێتەوە. سارتەری بوونخواز پێیوابوو مرۆڤ مانا دروستدەکات! بەڵام بارت پێیوابوو مانا بە دەست دێ و مرۆڤ لەخۆ دەگرێ. کەواتە ئەو خوێندنەوەیە دەکەوێتە نەوان داخران و کرانەوە، دروستکردن و هاتنەدی.

(1)

زمانی سارتەر، زمانی شەڕشگێڕیە، بەڵام هەرگیز بارت بەرگەی زمانی شەڕشگێڕانەی نەدەگرت و پێیوابوو ئەو سیمیۆلۆژیایە کار بە بووژانەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکات. ڕەنگە هاوگونجاندنی زمان لەنوان مژوو و ئازادی، زمانی شەڕشگێڕی و سەیرورە بتوانێ بارت و سارتەر لە یەکنزیك بکاتەوە؟! بە دیوەکەی دیکە بارت سەرسام بوو بە چەمکی پابەندبوونی سارتەر، ئەگەرچی هەرگیز زمانی شەڕشگێڕانەی قبووڵ نەبوو! بەڵام سارتەر بایەخی بە سیمیۆلۆژیای بارت نەدەدا، وەکچۆن بەگومان جەختکردنەوەی سارتەر لە پابەندبوونی نووسەر، دژ بە مەرگی نووسەر لای بارت دەکەوێتەوە.

لای وجودییەکان بوون پێش ماهیەت دەکەوێ. لەرەوە پابەندبوونی نووسەر دوای تێگەیشتن دێت، یان لانی کەم هاوکات لەگەڵ زمانی شێوشگەرانە دێتە بوون! یان بە دەربڕینێکی دی پابەندبوونی نووسەر لە زمانی شێوشگەرانەوە دەست پێدەکات، بەو مانایەی کە مرۆڤ موجودێکە دەچێتە نێو پێوەندی لەگەڵ خۆیدا و توانای ئەوەی هەیە، بڕەو بە تواناکاتی خۆی بدات. مرۆڤ بڕەو ئیمکانی بوونی خۆی دەچێت، بەو مانایە تەنها مرۆڤ هۆشیاری بە بوونی خۆی هەیە.
لەسەر ئەو بنەمایە هەوڵدەدەم لە فەلسەفەی سارتردا چەمکی دەروونخوازی نووسەر بەو شێوەیە گەشە بکەم، کە (مرۆڤ هیچ نییە، تەنیا پابەندبوون نەبێ، کە زمانی شێوشگێری دروستی دەکات! ئەو قسەیەی من تەنیا بە ئەدەبەوە بەندە، واتە ریشەی ئەم خوێقاندنە لە خودی نووسەردایە، نەک لە جیهانی دەرەوە و ناچارکردنی زمانەوە بێت!
بەڵام سیمیلاژیا پێچەوانەی سارتر دەکەوێتەوە، هەر لەرشەوە بارت پێیوابوو ئەدەب هیچ چارەیەکی بە ئازادی پێ نییە، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو ناتوانێ لە ناچاربوونی زمانیش دەربچێ و ئازادی دابین بکات، چونکە زمان فاشییە! بەو مانایەش پابەندبوون وەک سارتەر بیری لەدکاتەوە هەرگیز لە زماندا دەرناکەوێت، تەنها لە ڕێگای مۆژوو و شێشەوە نەبێ، چونکە زمان سیستمێکە ڕەسەو یاسای خۆی هەیە و هەموو نووسەرێک ملکەچی ئەو ڕەسا و یاسایانەیە. دەشێ هەموو نووسەرێک بکەوێتە نێو مۆژووەوە بەڵام هیچ سنورێک بە ئازادی زمان بوونی نییە!
(2)
شێواز یان ستایل لە کاتی داشتنداء کەد بە دەقێ ئەدەبییەکان دادەنێت! بەو مانایەش شێوازەکانی ئەدەب بەرهەمی لادانەکانی زمانن، لەرەوە شێواز و زمان بە یەک دەگەن، بە مانایەکی دیکە وەکچەن زمانی ئەدەبی لە سەیرورەدایە، هەمیشە شێوازی ئەدەبیش لادانەکانی زمان دەگرێتەخۆ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ستایل فەرمی نووسینێ و ڕەهەندی کەسی و جەستەیی هەیە. بەڵام نووسین کە بابەتی نێوان زمان و ستایلە، لە ڕێگای نووسەرەوە دەگات و لە ڕێگای نووسەرەوە پابەند دەبێت. دەتوانین بڵێین نووسین بوارێکە بە ئازادی و پابەندبوون. نووسین بوارێکە بە زمان و مۆژوو، چونکە وەکچەن مۆژوو بڵایەن نییە، زمانیش بڵایەن نییە.
لەسەر بنەمای بڵایەن نەبوونەوە، دەتوانین بڵێین زمان و شێواز دوو هێزی کۆرن، بەڵام نووسین کردەیەکی تاکئامێزی مۆژوویە. زمان و شێواز دوو بابەتن، بەڵام نووسین وێزیفەیە. هەمیشە نووسین لە پێوەندی نێوان داهێنەر و کەمەگاوە هەڵدەقوڵێ. ئەوە زمانی

ئەدەبییەکەی بەردەوام ئاراستەکردنی کەمەگا دەگۆڕێ.

(3)

بارت لە کتێبی "نووسین لە پلەی سفر"دا وەک پەرچەکردارێک لەبەرانبەر ئەو پێناسەکردنەی "سارتەر" کە دەڵێت: شیعر لەوردبوونەوەیەکی خودییە و پرسیسکردنکی زارەکییە، لە بنەڕەتدا ئامانجی خۆی هەیە. بەڵام پێخشان هاوکاریکردنی نووسەر و خوێنەر نیشان دەدات. لە پێخشاندا بەیەکگەیشتن پردەکە دەکەوێتە نێوان دوو ئازادی و زەتریش. لەو قسەلەکردنەدا سارتەر فەزای ئەدەبی دیاری دەکات...

پەرچەکردارەکەی بارت ئەوەیە کە نووسین شوێنەک لەنێوان شێواز و زمان بەدەست دەهێنێ. نووسین لە پلەی سفر خاڵی یەکتر بینینی تەوەرەی "X" و "Y"ە، لە رووداوەکانی "دیکارت"دا. زمان تەوەرەی "X"ە و ئاسەیی و نمایشکارانە دەکەوێتەوە. بەڵام شێواز "Y"ە و گوزارشتکردنەکی ستوونییە. شێوە و بەهای نووسینیش لە یەکتربینی ئەو دوو تەوەرەیە دەردەکەوێت. بەو مانایە لای بارت نووسین دەبە بەردەوامی بێ بەدەنگی و بڵایەنی و دالێوە بدات.

(4)

